# گزنگ تەنیایە وەک شاعیر

عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ)
(کەنەدا)

ژنێک بە گوناهی نووستن لەگەڵ تریفەی مانگ
بە گوناهی بینینی خەون
بە گوناهی نامۆبوون لە نیشتمانی پێکەنیندا
لە گەڕەکە چاو کزەکەمان ئەندێشەی بە باوەشەوەیە و
هەموو ڕۆژێ نیو کیلۆ حەسرەت ئەکڕێ
پەژارەیش بۆ سبەینان
ئەم ژنە عەمەلەندەیە،
لە هۆدەیەکی حەوشەکەی زەردەپەڕدا کرێچییە
ئەم ژنە ناوی "گزنگ"ە زۆر کەمدووە و زۆر بە دەگمەن
دێتە دەرێ
جار بە جارێ لەبەر هەتاو نیمدەرێک لە تەنیایی
ڕائەخات و
خۆی و ئەندێشەکەی و بەسەرهاتێکی مەنگ
کە کەس نازانێ چی ئەڵێن و چی ئەکەن، دەداتە خۆری
تەنیایی
گزنگ پێش ئەوەی لەگەڵ تەنیایی زەماوەند کات، کورتە
چیرۆکی ئەنووسی
زۆر حەزی لە خوێندنەوەی لایەنە ڕووناکەکانی تاریکی بوو
چرای ژوورە تاریکەکەی ئەم خانمە تریفەییە شەو تاوەکو
بەیان داگیرساوە
ئەڵێن چەند جارێک زێوانی خەڵوەتگاکانی غەریبی
بۆ گرتنی دەستنوێژی بەیانیان گزنگی بینیوە
بێدارە و خەریکی خوێندنەوەی هەتاوە
زێوانەکە چەندجار وتوویەتی بەم چاوانەی خۆم بینیومە
شەوێک گزنگ
هەر بەتاقی تەنیا چۆتە سەربان و مانگ بۆی دابەزیوەتە
خوارێ
زێوانەکە سوێندی بەگۆڕی شەرابی ناو گۆزەکانی عومری
خۆی خواردووە
مانگ دەستی لە ملی گزنگ ئالاندووە
گزنگ ئەو شەوانەی خەون بە سەفەر و
ئینجانە شکاوەکانی خۆرەتاوەوە ئەبینێ



بۆ ڕۆژی دوایی وەکو شێت خەیاڵ لە باوەش ئەنێ و
ئەچێتە سەر گۆڕستانی خەونەکان و تا ئەتوانێ
دەموچاو و قژی ئەڕنێ.
گزنگ بەردەوام ڕەشپۆشە و بێ مێوانە
بەڵام ئەوەی دووجار ئەو سێبەرەی گزنگی دواندبێ
ئەزانێ بۆ گوڵە دزراوەکانی ژین عاشقە و بۆتە دێوانە

* * *

گزنگ تەنیایە وەک شاعیر
تەنیا لەگەڵ ترسا ئەنوێ
پاییز ئەکا بە نیشتمان
چیرۆکنووسێکی گەڕۆکە و بێدەنگی و خەم ئەینووسنەوە
چاوی هەتاو ئەڕێژێت و
قژی سەفەر دائەهێنێ
گریانی بەکوڵ و سەرگوزشتەی پیربوون بەدیار تەنیایی
ئەیهۆننەوە
گزنگ زوو زوو خۆر ئەنێرێ بۆ سەر کۆڵانە ڕیشنەکە و
ئێوارانیش لەپەنجەرەی گومانەوە ئەڕوانێتە ڕێبوارەکانی
دوودڵی

**تێبینی:**
**گزنگ لە تەسکەرەکەی کە تەمێکی چڕی هەناسەیەتی،**
**شوناسی بەم جۆرەیە:**
**ناو: گزنگ کچی ڕەشەبا و زریان هێلێکی بەسەردا هێنراوە و**
**نووسراوە گزنگێکی ونبوو لە نووتەکی شەودا**
**شوێنی لەدایکبوون: ناخی گڕ**
**ساڵی لەداکبوون: حەرەس قەومییەکە**
**ئایین: بە ئەسڵ زەردەشتی**
**باری شارستانی: بە یاسا کەم عەقڵ و لەڕووی بایۆلۆژییەوە**
**مرۆڤێکی بێ کەموکوڕ.**

**١٦ی نیسانی ٢٠١٠**